## خاله حاجی پێی وایه زەرقاوی خەباتی لەخەباتی حیزبەكانی كوردی زیاتره ... بوشرا كامل

Bushra_kamel2006@yahoo. Com

لە دوای جەنگی ئازادكردنی ئەفغانستان و عیراق گەلی ناوی سەیرو سەمەرە هاتنە ناو دونیای سیاسەتەوە كە زۆر جێی سەرسورمان بوون تا رادەیەك ناوەكان بە لامانەوە غەریب بوون لەوانە (زەرقاوی، زەواهری. ، . . . ) كەتارادەیەك ئێستا خەلك شكو گومانی هەیە لە هەبونیان واتا ئەم كەسانە ئەم كارانەی كە دەیكەن لە پێناو بیرو باوەری خۆیانە یان یان كارێكە بە پاڵە پستۆ لە لایەن وولاتانی دەرەوە بۆیان دەكرێت جا ئەم وولاتانە چ وولاتی عەرەبی بن یان یان لە وانەیە خودی ئەمریكاش لە گەلی بیت.
لە ناو عیراقدا رۆژانە زۆر باسی زەرقاوی دەكرێت ئەگەر بلێم مندالی ناو لانكیش ناوی دەزانی درۆ نیە، كە كەسی یەكەم دەستی هەیە لە تیرۆر كردنی خەلكی بەلام ئەوی جێگای سەرسورمانە لەم رۆژانە رێم كەوتە گوندێك كابرایەكی پیرم دی كەوتینەی گفتوگۆ لە جیاتی ئەوەی باسی داهاتی بەروبومی ئەم ساَل بكەین باس بوە باسی زەرقاوی لەم گفتوگیانە بووین كابرایە پیرەكە گوتی وەلاهی زەرقاوی خەباتی گەلی لە حیزبەكانی كوردی زیاتر كردووە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەكانمان منیش ئەم قسەیەم زۆر پێ سەیر بوو لە دلی خۆم گوتم لە وانەیە خالە حاجی لایەنێكی دینی زۆر بە هێزی هەبی ئەگینا چۆن ئەم قسەیە دەكات بەلام وا دەرنەچوو چونكە خالە حاجی پی وابوو ئەوندەی زەرقاوی رِكی لە عەرەبە و عەرەب دەكوژێت ئەگەر كوردیش ئاوهابایی ئەوا لە مێژبوو دەبووینە ساحێب دەولەت منیش پێم گووت ئەخر خالە خۆ كورد دەولەتێكی تیرویست نیە گوتی راستە كچم بەلام دوژنمان هەر بە تیرویست ناومان دەبەن ئەی ئەوە نیە پێمان دەلێن ئیسرائیلی دووەم و خۆفرۆشەكان و خالە حاجی لە سەر قسەكانی رۆیشت گوتی ئێمەو عەرەب قەد لەگەل یەكتری نابین بە یەك گوتم چۆن گوتی تۆ تەماشای عەرەب بكە هەتا نایانەوی بێكەوە جەژنمان هەبی رۆژێك دوای ئێمە كردوویانە بە جەژن جا كچم ئێمە ئەگەر لە بۆنە ئاینەكان پێكەوە نەگونجێین بەیانی لە سەر سیاسەت چۆن پێكەوە دەگونجێن لە قسەكانی خال شتێكم بۆ روون بووە ئەویش ئەوەیە تا كەینی ئێمەی كورد سوود لە رابردوومان وەرناگرین بۆ دەبی ئەوە شیعارمان بی ئەگە ر سەدام نەما ئەوا عەقلی عەرەبیش گۆراخۆ عەرەب هەر عەرەبە بەعسی بی یان سونە بی یان شیعە بی هیچ كام ناگۆرێت واتا دەبی لەمەودوا بیر لە وەبكەینە ئەگەر عەرەبێك لەگەلمان پێكەنی نابی رازی دلی خۆمانی بۆ بدركێنین یان یان داوەتی بكەین بۆ كوردستان لە نوێترین هوتێل و دوایش پارچەزەویكە بكەینە دیاری.
بۆیە لە كۆتایی كاتی خالۆم بە جێشت هەردەیگوت بریا چوار پێنج زەقاویمان هەبایە وەزعمان بەرو باشتر دەچووَ بۆیە وای لە من كرد بچمە سەر قسەكانی منش باوەری پی بهێنم لێرەدا منیش دەلێم زەرقاوی هیچ تیرویست نیە بەلكو خەلاتێكە بۆ كورد هاتووە.